
# گێڕانەوەی بەسەرهـــ



(زانا) کە ئێستا تەمەنی لە سەرووی (بیست)ساڵییەوەیە، هەمیشـــە بە جۆرێکی تایبەتی باس لـــە منداڵێتی خۆی دەکات و بـــە ئەزموونێکی ترســـناکی دادەنێـــت، ئەو لـــە منداڵییەوە تووشـــی شۆك هات، وەك خۆی دەڵێ نازانێ (دایکایەتی) مانای چییە و ئەزموونی نەکردووە، ئەو وەکو منداڵانـــی دیکە، دایکی خۆش ناوێت، یان راستتر وایە بڵێین نەیتوانیـــووە دایکی خۆش بوێت، بەڵام لەگەڵ هەندێـــش ناتوانێ رقی لە دایکی بێتەوە، هەمیشـــە دڵی بە دایکی سووتاوە، ئەم رقە لەدایك و خۆشەنەویستنی لەلایەك و دەســـتبەرداربوونی ناچارەکی خۆشەویستیشی لەلایەکی دیکەوە، کاری زۆری لە پێکهاتەی دەروونی (زانا) کردووە و بەدرێژایی قۆناغی مێردمنداڵی و ســـەرەتای قۆناغی هەرزەکاری نیگەران بووە، هەمیشە بە ئازارێك ناڵاندوویەتی! دەبێ چی بێت ژیانی ئەم کوڕەی وا شێواندبێت و وەها بەدەســـتییەوە ناڵاندبێتی؟ بالێبگەڕێین بەخۆی بەسەرهاتی ناخۆشی خۆی و ئەو هۆیانەی کـــە گرنگترین قۆناغی ژیانی لێ تاڵ کردبوو لە زاری خۆی ببیسین.

لەســـەرەتادا (زانا) ئێمـــەی گەڕاندەوە بۆ قۆناغی منداڵێتی خۆی و بەمشـــێوەیە گوزارشـــتی لەخۆی کـــرد و گوتی: ئێمە لە ماڵـــەوە دوو براو خوشـــکێك بووین، هەتا پۆلی پێنجی ســـەرەتایش کێشەی نێوان دایکم و باوکمم بە بیردانایە، منداڵێیتیم شـــتێکی ئاسایی بوو، شـــتێکی وام بەبیردانایە کە نائاســـایی بێت، تا ئـــەو رۆژەی کە مامی گەورەم هاتـــە ماڵمان، لەگەڵ باوکم کردیە مشـــتومڕ و دەمەقاڵێ،وەك ئێستام لەبیرە کە نیوەڕۆ بوو تازە لە قوتابخانـــە هاتبوومەوە، لەناو هەیوانی ماڵەکەمـــان بە باوکمی گوت: کـــوڕە ئاخر تۆ ئەو ژنەت بۆ وا بەرەڵڵا کردووە، بۆ لێیناپێچیتەوە، خەڵك قســـەمان پێ دەڵێن و دەڵێن ژنی (حەمید)ی دۆستی هەیە و (حەمید)یش دەیزانێ و قســـە ناکات، کوڕە ئەو قسەو قسەلۆکانە لەخۆوە نییە، چاودێری ژنت بکە و ئاگات لێی بێت و بزانە چی دەکات، باوکیشم ســـەری دەلەقاند و دەیگوت: ئێ، باشە وا دەکەم. مامم گوتی: (حەمید)

# ـــاتی دایکێک لە سەر زاری کوڕەکەیەوە

وا من دەڕۆم، خوا دەزانێ ئەو ژنەت بەرزەوت نەکــەی، بەخۆم چارەی دەکـــەم، پاش ئەو قســـەیە لێیدا ڕۆیشت، باوکم لە هەیوانەکەی ماڵ بەبێ دەنگی دانیشت و سەرێکی بادا و لەبن زمانەوە گوتی: ئەو ژنە بۆ وا دەکات، بۆ هێندە ڕوو قایم و کەللە ڕەقە؟، تۆزێك پیشی خواردەوە و ســـەیرێکی منی کرد و گوتی: (زانا) کـــوا دایکت، لە کوێیە؟ گوتم: نازانم مـــن تازە لە قوتابخانـــە هاتوومەتەوە، زانی نانمان نەخواردووە، هەستا چووە مەتبەخەکە و دوو سێ هێلکەی لە ڕوونی کرد و بانگی کردین و گوتـــی: وەرن نانتـــان بخۆن، لەو دەمەدا دایکم هاتەوە، تەماشـــایەکی باوکمی کرد، لە دوورەوە زانی شـــتێك بووە، بۆیە بێ ئەوەی بهێڵێ باوکم قسەیەك بکات گوتی: لە دەســـت ئەو دائیرەیە مردوومە، هەتا ئێستاش جەنابی بەڕێوەبەرە فەندی ئیشـــی زیادەی دوای دەوامی پێدەکردین، باوکیشـــم گوتی: مادام ئیشی زیادەی پێدەکردن، جەناب پێتان بگوتایە فەراشـــێك بنێرە بۆ ماڵەکانمان، با ماڵەوەمان ئاگادار بکاتەوە، نەوەکو قســـەی ئەم و ئەومان بێتەســـەر. دایکم یەکسەر زانی مامـــم هاتووە، بۆیە گوتی: چییە دیســـان (عەلـــی) هاتبوو؟ باوکیشـــم گوتی: بەڵێ ئافرەت کاکم هاتبوو، نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، تۆ هەروا زەمان کورتم بکە، کەباوکم وای گوت، دایکم زانی مەسەلەکە جددییە، دەیزانی چۆنی ســـاردی بکاتـــەوە، بانگی دەکـــردە ژوورەکەی تر و چارەکە ســـەعاتێك دەمانەوە و کە دەهاتنـــە دەرەوە، وەك ئەوەی هیچ ڕووینەدابێ، بارودۆخەکە ئارام دەبۆوە، نەمدەزانـــی لەو ژوورە دایکم چی پێدەگوت، یان چیان دەکـــرد و چۆن وەها باوکمی ئارام دەکردەوە، باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویســـت، نەمدیت ڕۆژێك لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لـــێ بڵند بکا، بـــەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترســـێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو، حەزی دەکرد ژیانێکی خۆش و ئارام بباتە ســـەر و وەکو هەر پیاوێکی دیکە دەیویست ژیانێکی خۆشـــی هاوســـەرێتی هەبێت، بەڵام هەستم دەکرد قەت ئارام نییە، نەمدەزانی بۆ؟

**پەیوەندییە تایبەتییەکەی ژنەکەی (حەمید)**

(زانا)بـــەردەوام دەبـــێ و دەڵـــێ: ئـــەو نائارامییـــەی باوکم، ماڵیشـــمانی تۆزێك نائارام کردبوو، ئـــەوان نەیاندەتوانی وەکو ژن و مێردێـــك بەیەکەوە دانیشـــن، چ بەتەنیا و چ لەگەڵ ئێمەدا، باوکم زۆر نازی دایکمی دەکێشـــا، بەڵام پێدەچوو هاوســـەرێتی نێوان باوکم و دایکم هاوسەرێتییەکی ناچاری بوو. باپیرم واتە باوکی دایکم بەخواســـتی خۆی دایکمی دابوو بەباوکم. پاشـــان بیستمەوە بە زۆری بەمێردی دابوو، بەڵام بۆچی بە زۆر بە مێردی دابوو مەسەلەکە لە بنەڕەتدا چی بوو تا ئێســـتاش نەمزانی. باری ناوماڵمان هەروا لەرزۆك بوو، یا با بڵێین شـــلۆق بوو، نـــاوە ناوە مامم دەهاتـــە ماڵمان و دەیگوت: (حەمید) من چم بەتـــۆ دەگوت: تۆ هەروا دابنیشـــە و لە گوێی گادا بنوو، من تۆزێك هەراش بووم، خوشـــك و براکەشم هەروا، کە هەردووکیـــان لەمن بچووکتر بـــوون، ئەوەندە منداڵ بوون لەو کێشـــانە نەدەگەیشتن، بەڵام من وانەبووم. تازە چووبوومە ناوەندی و پۆلی دووی ناوەندیـــم تەواو کردبـــوو لە قۆناغی هەرزەکاریدا بووم. جارجارە شـــەوان کێشە لە نێوان باوکم و دایکم دروست دەبوو، نەمدەزانی چییەو لەســـەرچییە! بـــەڵام هەموو جارێ دایکم لـــە ژووری خۆیان دەهاتـــە دەرەوە و دەهاتە ژووری ئێمە و دەرگاکەی دادەخست و باوکمی لە ژووری خۆیان بە تەنیا جێدەهێشت! ڕۆژێك کە پشووی ڕەسمی بوو، نیوەڕۆ بوو، دایکـــم خواردنێکی بۆ ئامـــادە کردبووین و دەوری کاتژمێـــر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بوو، لەماڵ دەرچـــوو، نیوەڕۆیە کە باوکم هاتەوە، من خواردنەکەم بۆ باوکم و بۆخۆشمان گەرم کردەوە. باوکم زانـــی دایکم لەماڵ نییە، کە پرســـیاری کرد و وەڵامەکەیمـــان پێگوت، نیگەران بوو، نانەکەی بەســـاردی خوارد و هەر زوو دەســـتی لێکێشایەوە و کەوتە داڵغە لێدان، ئەوەنـــدەی پێنەچوو مامی گەورەم و مامەکەی ترم پێکـــەوە بەدیار کەوتن و بێ ســـەلام کردن بە ژوورکەوتن. مامی گەورەم، لە باوکم نزیك بۆوە و بە دەنگێکی نزم، چووە بـــن گوێی و گوتی: ئەفەندی خانم لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبـــەر بینراوە، خۆ ئەمڕۆ دەوام نییە، ئەی چی ئەوی گەیاندۆتە لای ئەو، خۆمان بە چاوی خۆمان بینیمان لە کوێ و کەی ژوانیان هەبوو، دەمانەوێ جەنابیشـــت بێـــی و بتبەینە شـــوێنەکە و بەخۆت دڵنیا بێت، ئەگەر لەوێـــش نەمابن، لە مەوعیدی ئەمجارەدا دێینـــە دوات تا بە چاوی خۆت ببینی، لە پـــاش ئەو گفتوگۆیـــەی نێوان ئـــەو دوو مامەم و باوکم زانیم مەســـەلەکە چییە، ڕقم لە دایکم بۆوە، بەڵام نەشمدەزانی دەریببڕم، چونکە بەتەواوەتی لە کێشـــەکان نەدەگەیشـــتم، باوکم و مامەکانم دوای ئەو مشـــتومڕە لە ماڵ دەرچوون و ئێمە لەماڵ ماینەوە. خوشـــکەکەم گوتـــی: کاکە ئەوە مامەکانم بۆ ڕقیـــان لەدایەیە؟ چ وەڵامێکم پێنەبـــوو، بێدەنـــگ بووم، قەت هەســـتم بە ئاسوودەیی نەدەکرد، دوای ئەوەی لایەنێکی نهێنی کێشـــەی دایکم و باوکم زانی، لەدڵی خۆمدا هەستم بە نارەحەتییەکی قوڵ دەکرد و زۆرم خەفەت پێوە دەخوارد.

**چۆنییەتی کۆتایی هێنان بە کێشەکە؟**

(زانا) لەسەر گێڕانەوەی باسەکە بەردەوام دەبـــێ و دەڵـــێ: ئێمە لە ماڵـــدا ژیانێکی ناجێگیرمان هەبوو، دایکم وەکو ژنانی دیکە سەرپەرشـــتی نەدەکردین، ئـــەو خەمی ماڵ و منداڵی هـــەر نەبوو، ئێســـتاش نازانم بۆ وابوو، ئێمە وەکو دەڵێین خۆرســـکانە گەورە بووین، باوکم زیاتر ئـــاگای لێمان بوو، من بەم تەمەنەوە هەســـتم دەکرد دایکم حســـابی مێـــردی بۆ باوکـــم نەدەکـــرد، نازانم باوکم بۆ وا هێمـــن و بێدەنگ بوو، یـــا لاواز بوو لەبەرامبەریدا! مشـــتومڕی نێوان مامەکانم و دایکـــم بۆ ئێمە بەدیار کـــەوت، ئێوارەیەك مامەکانم لەگەڵ باوکم لەماڵ دانیشـــتبوون و چاوەڕێی هاتنەوەی دایکمیان دەکرد، لەپڕ ئەویش بەدەرکەوت، ئەوان لێی ڕاست بوونەوە و هەر زوو لێیان پرسی لە کوێ بووی؟ گوتی لە بازاڕ، ئەوانیش گوتیـــان نەخێر، لەگەڵ فڵانەکەسدا سواربووی و لە فڵانە شوێنیش بووی و بەدواتەوە بووین، ئیدی بووە مشتومڕ و مامەکانم پەلاماریان دا و هەندێکیان لێدا، ئەویش ڕووبەڕوویان بۆوە و بە هەرحاڵ لەماڵ دەریانکرد، بەڵام باوکم پاش ئەوەی مامەکانم ڕۆیشـــتن دوای دوو کاتژمێر، لەگەڵ خۆی هێنایەوە، هەرچەنـــد نەمانزانی لەم ماوەیەدا بۆ کوێ چوو بوو؟!

پەیوەنـــدی مامەکانم و دایکم ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو، شـــەودرەنگانێك، لەگەڵ چرپە چرپ و خشەخشـــی پـــێ و هێنان و بردنی شـــتومەك لەخەودا بووم، بە ئاگاهاتم و هەر لەناو جێـــگادا بووم و چاوم کـــردەوە، بینیم دایکم درێژکراوە و وەکو کەلێشێکی لێهاتووە،

**زانا: مرۆڤ بوونەوەرێکە هەستی ناسکە**

**(باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویست، نەمدیت ڕۆژێک لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لێ بڵند بکا، بەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترسێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو**

خستیانە ناو بەتانییەك و بە گوریسێك لوولیان دا، مامەكانم خەریكی ئەو شتانە بوون، خاكەناس و پێمەڕەشیان لەسەر زەوییەكە دانابوو، خستیانە ناو گونیەیەكەوە،، باوكم لەسوچێكی ژوورەكە دانیشتبوو، پاڵی بە دیوارەكەوە نابوو، فرمێسكی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. ژوورەكە زۆر رووناك نەبوو، بۆیە دەموچاوی باوكم بەباشی دیار نەبوو، بەڵام لەخۆوە هەستم كرد تاوانێك روویداوە، بەڵام نەمدەوێرا خۆم ئاشكرا بكەم، نە توانای ئەوەشم هەبوو هەستم بزانم مەسەلەكە چییە، لەخۆوە سامێك گرتبوومی! نازانم چۆن بوو، لە بن جێگاكەم هاتمە دەرەوە، باوكم چاوی بە من كەوت، وەكو بزانێ كە ئەوەی ئاگام لە هەموو شتێكە، لەلای خۆی دانام و دەستی لە ملم كرد و هۆن هۆن دەگریا، كە مامەكانم هاتنەوە ژوورەوە و چاویان بە من كەوت و لە پەنای باوكم دانیشتوومە، وایانزانی هەموو شتێكم زانیوە، هاتنە لام دەستیان لە ملم كرد و مامی گەورەم گوتی: (زانا) كوڕم دەبێ زۆرت ئاگا لە خوشك و براكەت بێ، بەتایبەتی (نازێ)ی خوشكت كە یەك دوو ساڵی تر هەراش دەبێ و جاحێڵ دەبێ، ئێمە لە خەمی ئێوە بووین، ئەگەر بە فریاتان نەكەوتباینە ئەو دایكەتان ئێوەشی سەرگەردان دەكرد، جارێ وەختی گێڕانەوەی هیچ نییە با باوكتان لە مەسەلەكەتان بگەیەنێ، لەگەڵ ئێمەش وەرە، سواری ئۆتۆمبیل بووین و تەرمی دایكیشم لەناو بەتانییەك لوول درابوو، بە دووان مامم و باوكم خستیانە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەكە و مامی بچوكم لێیخوڕی، شەو درەنگ بوو، باران لەنیوەڕۆیەوە دەباری، جار جار نم نم و جارجاریش بە خوڕ دەبوو، كە گەیشتینە گۆڕستانێكی دەرەوەی شار باران كڕی كردبۆوە، چووینە ئەوپەڕی گۆڕستان و دیار بوو پێشتر قەبرێكیان لێدابوو، تەرمەكەیان هێنایە خوارێ و گوریسەكەیان كردەوە و بە بەتانیەوە شۆڕیان كردەوە ناوقەبرەكە و ئەوجا بە خاكەناس خۆڵیان پێدا كرد، تا قەبرەكە پڕ بۆوە،


جارجارە سەیرێكی باوكمم دەكرد و بەردەوام فرمێسكی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. چووە لای ئۆتۆمبیلەكە و قورئانێكی بچووكی هێناو كردیەوە، لەسەر گۆڕەكە راوەستا و دەمێك لە بن لێوانەوە دەستی بە خوێندنەوەی قورئانەكە كرد، تا نزیكەی دە دەقیقەیەك ئەوجا مامی گەورەم گوتی: حەمید درەنگە و زوو تەواو بە، با تووشی كێشەیەك نەبین، مامم هاتە لای من و گوتی: كوڕم (زانا) ئەو باسە لەلای كەس نەدركێنی، ئێمە تازییەی بۆ دانانێین و خۆشمان وا نیشان دەدەین كە ئاگامان لە هیچ نییە و نابێ خوشك و براكەشت بەهیچ شتێك بزانن و بەهیچ شێوەیەك هیچیان پێنالێیت دەنا خۆشت و باوكت و ئێمەش تووشی كێشە دەبین، تەنیا ئەوەندە دەڵێین دایكتان رۆیشتووە و كەس نازانێ بۆ كوێ چووە، ماوەیەكی دیكە ئێمە بۆخۆمان ژن بۆ باوكت دێنینەوە و ئەو ژنەش دەبێ لە دایكتان زۆر باشتر و بە رەحمتر و بەوەفاتر بێت، ئەگەر هەر كەموكوڕییەكی بەرامبەرتان هەبوو ئێمە لێی بەرپرسیارین،

ئەو شەوە كە گەڕاینەوە مامەكانم لەگەڵ ئێمە هاتنەوە، ئەوان نوستن، بەڵام من قەت خەوم لێنەدەكەوت، هەم لەترسان هەمیش لە حەپەسان، باوكم كە نووست، ماوە ماوە لە خەو رادەچنی و یان هەر لەناو خەودا دەگریا و ئەوجا بە ئاگا دەهاتەوە، سەیرێكی دەوروبەری دەكرد و پاشان تەماشایەكی منی دەكرد، منیش خۆم دەخەواند، كە دەیدی نووستوومە، دەهاتە لام و بەتانییەكەی بە جوانی پێدادەدام و ماچی دەكردم و دەستی بەسەرم دادەهێنا، ئینجا هەر بەوحاڵەوە دوای چەند خولەكێك دەنووستەوە، منیش چاوم دەكردەوە و فرمێسك وەك رووبار بەچاومدا دەهاتە خوارەوە، دایكم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سكم بە دایكم دەسووتا، دەمزانی كوشتیان، یان خنكاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد، یا كامیان و چۆن كوشتیان، دەمزانی دایكم دەستی لەگەڵ پیاوێكی دیكە تێكەڵە، یان با بڵێین پیاوێكی دیكەی خۆش دەوێ. باوكم باری دەروونی خراپ و خراپتر دەبوو. مامم ئێمەی بردە لای خۆی، هەر بۆ بەیانیماڵمان باركرد و چووینە ماڵی مامم، مامۆژنم زۆر نازی دەكێشاین، خانووەكەیان زۆر گەورە و پڕ ژوور بوو، زۆر بە باشی ئاگادارمان بوو، هەموو جارێ بە منداڵەكانی خۆی دەگوت: نەكەن وا بكەن هەست بە فەرق و جودایی یا غەریبی بكەن، ئێوە خۆتان لە ئاست ئەوان بە خاوەن ماڵ نەزانن، دوو سێ رۆژ بوو باوكم باری دەروونی بەتەواوی تێكچووبوو. مامم بەزووترین كات بردیە لای پزیشكێكی دەروونی و تۆزێك بە دەواو و دەرمان وەزعی باش بوو، ئینجا دوای مانگێك ژنێكی تریان بۆ هێنا، بە هێنانی ژنی دووەمی وەزعی خراپتر بوو، جارجارە باش دەبوو، جارجارەش خراپ، چەند جارێك لە نەخۆشخانە خەوێندرا چاك دەبۆوە، بەڵام پاش ماوەیەكی دیكە باری تەندروستی خراپ دەبۆوە، نزیكەی ساڵێك وەها مایەوە، زڕ دایكەكەم زۆر لەگەڵمان باش بوو، هەرچەندە ئێمە منداڵیش نەبووین بەڵام زۆر باش چاودێری دەكردین و دەتوانم بڵێم خزمەتی دەكردین. خوشك و براكەم زۆر بە پەرۆشی باوكم بوون، بەڵام سەریان لەوە سوڕما بوو، ئاخر باوكم چ عەیبی نەبوو، بۆ وەها تێكچوو، دایكم بۆ شوێن بزر بوو، چۆن رۆیشت و ئاوا نەگەڕایەوە، بۆ كوێ چوو بۆ رۆیشت؟ ئەوە ئەو پرسیارانە بوو هەموو جارێ خوشكم و براكەم دەیانكرد، منیش خۆم دەخواردەوە وەڵامم نەدەدایەوە،

باری تەندروستی باوكم گەیشتە رادەیەك، جاری وا هەبوو بە مانگ لە نەخۆشخانە دەمایەوە، بە كورتییەكەی باوكم هەندێك جار وەك شێتانی لێدەهات، بگرە هەر بەتەواوەتی شێت دەبوو، ئاخیرییەكەی هەر دوو مامەكەم بردیانە وڵاتی (ئەردەن) و وەكو مامم دەیگێڕایەوە و گوتی: بردمانە لای پزیشكێكی دەروونی بە ناوبانگ و یەكسەر پرسیاری ئەوەی لێكردین و گوتی: ئەگەر دەتانەوێ لەوەی خراپتری لێنەیە و بەتەواوەتی شێت و هار نەبێت، دەبێ بەسەرهاتە راستەقینەكەیم بۆ باس بكەن، كە باسی مردنی ژنەكەیمان كرد، گوتی نەخێر ئەوە ژنی نەمردووە، بەڵكو كوژراوە بۆ ئەویش حەزی نەكردووە، بەم چارەنووسە بگات، منیش ورد و درشتی مەسەلەكەم بۆ باسكرد و گوتم: دكتۆر ئەو برایەمان ژنەكەی خۆی خۆشدەویست، بەڵام ژنەكەی ئەمی خۆشندەویست و پەیوەندی لەگەڵ كابرایەكی دیكە هەبوو، كە پێشتر خۆشیدەویست، ئێمە بەمەمان زانی، بۆیە پێمان قبوڵ نەدەكرا و لەناو خەڵكدا حەیامان دەچوو، ناچار شەوێك لەبەردەمی خۆی و لە ماڵەكەی خۆی خنكاندمان و هەر بەخۆشمان بەوشەوە بردمانە قەبرستان و ناشتمان! كە دكتۆرەكە ئەوەی بیست گوتی: تازە ئەوە چاك نابێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم پێدەكرێ نەهێڵم لەوە خراپتری لێبێت. ئیتر منیش ئەوسا زانیم كە ئەوشەوە چی روویداوە، ئەم رووداوە ئەوها مایەوە و پاش چەند ساڵێك لەمردنی دایكم، باوكیشم مرد. نە ئەوسا و نە ئێستاش نازانم مامەكانم راست بوون یان نا؟ بەڵام ئێستاش دڵم هەر بە دایكم دەسووتێ.

**دایكم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سكم بە دایكم دەسووتا، دەمزانی كوشتیان، یان خنكاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد**

# لە نێو زینداندا ئازارەکانی دەگێڕێتەوە



کە تەماشـــایت دەکـــرد، دەتگوت تەمەنی بیســـت و حەوت یا هەشت ساڵ دەبێت، بەڵام راســـتییەکەی تەنیا بیست و سێ ساڵ زیاتر نەبوو! ژنێکی تا بڵێی جـــوان و بەرچاوبوو، خرِپنی ســـوورو ســـپی و باڵا بەرزی چاو برۆ رەش بوو. کە قســـەت لەگەڵی دەکرد، هەســـتت دەکرد ژنێکی چاوکراوەیە، لەناو ناخۆشییەکانی ژیاندا راهاتبوو. زۆر باکی بـــە زیندان و ژیانی ناو بەندیخانە و ئەو شتانە نەدەدا! دەیگوت پارە هەموو شتێ بە مرۆڤ دەکات. ئـــەوە کۆمەڵگەیە ئەگەر پارەت هەبێـــت، رێزت دەگرێ! هەر کۆمەڵگەشـــە ئەگەر هەژار و لات و بێ پارە و دەســـتکورت بوویت، بە چاوێکی نزم تەماشـــات دەکات. مـــن هەر زوو لە درۆ و ریســـیاییەکانی ئەو دنیایە گەیشتم، بۆیە تا پێمبکرێت دژی ئەو دنیایە دەبم.

ئەمانە ئەو قسانە بوون کە (هاژە) بۆ (نەسرین)ی توێژەری کۆمەڵایەتی کردوون. کاتێك لەســـەر کاری بەدرەوشتیدا دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی ساڵێك (بەندی) حوکم دەدرێت، (نەسرین) وەکو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دیمانە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ (هاژە) و چەندانی وەك هاژە دەکات، هەم بەمەبەستی زانینی هۆیەکانی تاوانکردن لایان و، هەمیش بە مەبەستی هەوڵدان بۆ گۆڕینی رەفتـــاری کۆمەڵایەتییان و دروســـتکردنەوەی کەســـایەتییان و گەڕانەوەیان بـــۆ ناو کۆمەڵ وەك کەسێکی سوود بەخش. (نەسرین) تێبینی زۆر لەسەر(هاژە) لە دەفتەرەکەی خۆی تۆمار دەکات. بـــەڵام ئێمە لـــەو تێبنیانە دەگەڕێن و وەڵامـــی ئەو کۆمەڵە پرســـیارە دەنووســـینەوە کە(هاژە) لەمیانی وەڵام دانەوەیاندا بەشـــێکی بەســـەرهاتی لەشفرۆشـــییەکەیان و بارودۆخی ئەوسای بەر لە زیندانیبوونیمان بۆ دەگێڕێتەوە، (هاژە) بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی (نەسرین) دەداتەوە و لە مێردکردنییەوە تاوەکو ئاڵوودەبوونی بە کاری لەشفرۆشی و دەڵێ:

تەمەنـــم نۆزدە ســـاڵ دەبوو، کـــە دایکم بە مێردی دام و مســـتە پارەیەکـــی پێ وەرگرتم، باوکم بە تەمەن هەر پەنجا ســـاڵێك دەبوو، بەڵام دووچاری نەخۆشـــییەکی درێژخایـــەن ببوو، زۆر بەو نەخۆشـــییەوەی گرفتـــار ببوو، پاش ئازارکێشـــان و لە ناو جێگـــە کەوتنێکی زۆر، لە نەخۆشـــخانە کۆچی دوایی کردوو و مرد.

**لەو ژیانەمدا زۆر بەخۆشی و بەبێ کێشە دەژیام، وایکردبوو نە ژنەکانی دیکە کێشەم بۆ دروستبکەن، نەماڵی دایکیشم پێویستیان بە هیچ شتێک بێ**


براکانم بچووك بوون و هی ئەوەی نەبوون بتوانن ماڵ بەڕێوەببەن. هەر من کچی گەورەی ماڵ بووم، من دەمگوت دایــە با لە فەرمانگەیەك یان شــوێنێك دابمەزرێم و کارێك بکەم، کەچی ئەو نەیسەلماند، منی دایە کابرایەك کە تەمەنی چل و دوو ســاڵ بوو، زیاتر لە بیست ساڵ لە من گەورەتر، بەڵام دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بوو، لەبەرامبەریشدا دایکم پارەیەکی باشی وەك نەخت وەرگــرت. دواتر بۆم دەرکەوت کابرا دوو ژنی دیکەشــی هەیە و بە ئێمەی نەگوتبوو. هەرکە ئــەوەم زانی بە دایکمــم گوت: کچێ دایە ئەوە خــاوەن دوو ژنــی دیکەیە، کەچی ئــەو بەمنی گوت: دەی دەی، چییە دوو ژنی دیکەی هەیــە، چییە با هەیبێ، خۆ ژن ژنی نەخواردووە! شــوکر باش نییە دەوڵەمەندە. خۆ لەگەڵت خراپ نییە. ئەوە نییە وا ئێمەش بەخێو دەکات و تۆش لە تێروپڕیدا دەژیت، باشتر نییە لەوەی لەگەڵ کابرایــەك بایت کە خودا نەبێ کــەس نەیدەزانی چۆن دەبوو لەگەڵت، کە دیتم ئەوە قســەی دایکمە، چارم ناچار بوو. گوتم با رایکێشــم چاکترە لەوەی خــۆم بهاوێمە ناو چارەنووســێکی نادیار! راســتییەکەی کابراش لەگەڵــم هەتا بڵێی باش بوو، دەیزانی کە لەبەر ئەوەی ژنی گچکەیم لەوانەیە ژنەکانی دیکەی غەدرم لێبکەن، هەســتا، بەخــۆی خانوویەکی مامناوەندی کڕی و من بە تەنیا تێیدا دەژیام.

لەو ژیانەمدا زۆر بەخۆشــی و بەبێ کێشە دەژیام، وایکردبوو نە ژنەکانی دیکە کێشەم بۆ دروستبکەن، نەماڵی دایکیشم پێویستیان بە هیچ شتێك بێ، ساڵێك بوو مێردم کردبوو، سکم نەبوو، دوایی بۆم دەرکەوت کــە مێردەکەم دووچاری نەخۆشــییەك بووە، ئەو نەخۆشییە وایلێکردووە کە منداڵــی نەبێ، هەر چەنــدە لە ژنەکانی دیکەی یەکی دوو سێ منداڵیشی هەبوون، بە نیازبوو بچێتە(ئێران) بۆ چارەســەری. ئەوەبوو ماوەیەك خەریکبوو ناوی یەك دوو پزیشــکی باش پەیدا بکات بۆ ئەوەی هەردووکمان سەفەر بکەین، کە هەموو شــتێکی تەواو کرد رۆژی سەفەرکردنی دیاریکرد، رۆژێك پێش سەفەری برایەکی لەخۆی بچووکتری تەلەفۆنی کرد کە دایکی وا لە نەخۆشــخانەیە حاڵی شڕە. بۆیە بە پەلە ســواری ئۆتۆمبیلەکــەی دەبێ و لە رێگەدا لەبەر خێرایــی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی لە دەســت وەردەگەڕێ و دەستبەجێ دەمرێت. من تەنیــا و بێکەس مامەوە. بەهەر حاڵ پاش ئەو کارەساتە هەوێیەکانم کەوتنە خۆ، ئەوەی لە ماڵ و میرات بە بــەرم دەکەوت بە نیوە چڵی دامیانــێ و گەڕامــەوە لای دایکم. یەك دوو مانگ لــە لای دایکم مامــەوە. دایکم هەر رۆژەی بڕوبیانوویەکی پێ دەگرتم، مەبەستی بوو هەرچی زووە مێرد بکەمەوە و بڕێکی دیکە نەختــم پێوەربگرێت. بۆیە بەم و بەوی گوتبوو، بــۆ بە مێردانەوەم من زۆر دڵــم بە مێرکردنەوە خــۆش نەبوو، چونکە مردنی مێردم زۆر کاری تێکردبووم، بەڵام دایکیشــم فشارێکی زۆری خستبووە ســەرم، نازانم چۆن بوو رۆژێك یەك دوو ژن هاتنە ماڵمان و داوای منیان کرد.

## دووبارە مێردکردنەوە و کەوتنە ناو هەڵە

(هاژە) درێژەی بە بەسەرهاتەکەی خۆی داو و گوتی:

کە ســەیری ئەو یەك دوو ژنــەم کرد قەت نەچوونــە دڵمەوە، نازانم بۆ هــەر لە خۆمەوە خۆشــیم لە چارەیان نەهات، رەفتاریان ئاسایی نەبوو، دایکم لەگەڵیان پێکهاتبوو، بڕە پارەیەك وەك نەخــت وەربگرێت و ئەوانیش ئازادن، چیم بــۆ بکەن یان نەیکەن. کابرا کە هاتە خوازبێنیم پیاوێکی تەمەن لەسەرووی سی ساڵییەوە بوو، بەڵام زۆر بە ساڵ دیار بوو. فشاری دایکم زۆر نارەحەتی کردبووم بۆیە ملم کەچ کردوو گوتم: تازە دایکم ئیشــەکەی کردووە، هیچی بۆ من نەهێشــتۆتەوە. رۆژی مارەکردن و گواستنەوەم یەك رۆژ بوو. ئاهەنگێکی سادە و ساکار و سەر پێی بۆ رێکخســتم و لە خانوویەکی کردم سەد مەترێك دەبوو، ماڵی ئامۆزایەکیشی لەگەڵیدا بوو. دوو سێ رۆژان هەستم کرد ئەو پیاوە هیچ ئیشــێك ناکات، خەرجییەکی سادە و ژیانێکی بێ ســەر و بەری هەبوو. شەوانە هەندێك پیاو دەهاتنــە ماڵمان و یــاری دۆمینە و قوماریان دەکرد و تا درەنگانی شەو خەریکی قومار کردن و مەی خواردنەوە دەبوون. دەمگوت: ئەوانە چ دەکەن هەموو شــەوێ یان دێنــە ژووری ئێمە یانیش دەچنــە ژوورەکەی ماڵــی ئامۆزات؟ کەچی مێردەکەم کە ناوی (سابیر) بوو، دەیگوت: کچێ گوێ مەدەرێ ئەوانە کە سەرخۆش دەبن بــە کەیفی خۆیان پارە دەبەشــنەوە، جێگەیان نییە، دێنە ماڵی ئێمە، لە بەرامبەریشــدا ئێمە بڕە پارەیەکیــان لێوەردەگریــن، تۆزێك کردمە مشــتومڕ و دەمە قاڵی لەگەڵــی، بەڵام ئەو لەســەر رەفتاری خۆی ســوور بــوو، گوتی: ئەگەر رازی نیت هەستە بڕۆوە ماڵی دایکت، من نەبام لە برســان دەمردی، ئێستا لەلای من نازو فیــز و لاف و گەزافی لێدەدەی؟ منیش لە قسەکانی رقم هەستا بە زیزبوون رۆیشتمەوە لای دایکــم، کە چوومــەوە لای دایکم و هەر کە پێم لــە ژوورەوە ناو دایکم چاوی پێمکەوت زانی بەخۆشــی و بۆ ســەردان نەچوومەتەوە. یەکسەر گوتی: کچێ هەی هەش بەسەر، خۆ بەزیزبوون نەهاتوویتەوە گوتم : با. کە پرسیاری کرد گوتم: حاڵ لەمە حیکایەت لەمە، گوتی: هیچ چــارە نییە دەبێ بچییــەوە نێو ماڵ و مێردی خۆت، کابرا برادەر و میوانی هەنە، جا چ بوو، ها چییە هەر لە ئێســتاوە لووتت بڵند بووە. گوتم: کچــێ دایە لووت بڵندی چی و حاڵی چی، کابرا رەوشتی باش دیار نییە، ئەوانە هەر شــەوەی چینێك دێن و چینێك دەچنەوە، بەیانیان سندووقێك بوتڵ و قووتی مەی فڕێ دەدەم. تۆ بۆ تێناگەی ئێمە لەو مشــتومڕانە دابووین(سابیر)ی مێردم بەژوورکەوت و کەوتە ســەر پێی دایکم و ئەوهای قســەکرد دنیای کردە شــامی شەریف و گوتی: مامۆژن ئەوانە هەموو خزم و ناســیاون.(هاژە) هەر لە خۆیەوە دڵی پیسە، بەهەر جۆرێك بێت، هەندێك پارەی دایە دایکم و رازی کرد و منیشان بردەوە... کە گەڕامەوە، دوو رۆژی پێچوو ژنی ئامۆزاکەی هاتــە لام و گوتی: ســبەی ئێوارێ دوو ژن و ســێ پیاو دێنە ماڵی ئێمــە و تا درەنگانێ میوانن، ئێمەش دەبێ بچینە بازاڕ و سێ چوار کیلۆگۆشت و سەوزەو میوە بکڕین و شەو تکەیان بۆ دەکەین، شەوێ ئەوانەی باسیان کرد هاتن، شەوکردیانە بەزمی خۆیان، ژن و پیاو خەریکی قومارکردن و مەی نۆشین و سەفا و بەزم بوون، بە کورتی هەفتەی یەك دووشەو ئەوە بەزم بوو، ئەمجارە(ســابیر) فێر ببو منی لەگەڵ پیاوێك لەیەك ژوور دەهێشــتەوە.. شەوێکیان کە من و



پیاوێـــك بە تەنیا لە ژوورێکـــدا ماینەوە، کابرا دیار بوو دەوڵەمەند بوو شەدە پارەیەکی دەرهێناو دایە دەســـتم، گوتم: ئەوە چییە؟ گوتی: هیچ نییـــە، دیارییە، فڕێمدایەوە بەردەســـتی، کابرا تەماشایەکی کردم و بزەیەکی هاتێ و گوتی: وا دەزانی ناتناسم، مێردت هەموو شەوێ پارەی بە کرێدانی ماڵەکەی وەردەگرێ و تۆش دەنگ ناکەی ، ئێســـتا لە بەرامبـــەر من ئەو ڕەفتارە دەکـــەی، هەر چۆنێك بێت قســـەیەك لە من و قسەیەك لەو، لە ژوورەکە هەستا و چووە دەرەوە و هاواری کرد (ســـابیر) ئەوەبـــوو ژنەکەت، تۆ چیـــت بە من گوت و ژنەکـــەت چی دەکات! (سابیر) هاتە ژوورەوە و گوتی: بۆچی دیاریت دەداتێ وەرناگری، ئەوە خزمی خۆمانە. ئینجا (ســـابیر) و ئامۆزاکەی و ژنەکـــەی و کابرا، هاتنە ژوورەوە و دانیشتن دەستیان کرد بە مەی خواردنەوە هەتا ســـەرخۆش بوون (سابیر)یش بە هـــەر جۆرێك بوو بە زۆر مەی پێ خواردمەوە، منیش ســـەرخۆش بووم ئیـــدی مەیدانیان بۆ خۆش بوو، چوونە دەرەوە و من و کابرا دیســـان بـــە تەنیا لە ژوورەوە ماینـــەوە و کابرا لێمهاتە پێشـــێ و خەریکم بوو هەتا لە پەلوپۆکەوتم. تا وەکو ئیشی خۆی تەواو نەکرد وازی لێنەهێنام. منیش داهێزرا بووم، تا بەیانی درەنگ بە ئاگا نەهاتمەوە، دوای ئەوە تێگەیشتم مەسەلە چییە و چ دەگـــوزەرێ. منیش گوتم مادام پیاوێکی ملئەســـتووری وەك (ســـابیر) گوێ بە هیچ نەدات من بۆ پێیبدەم، ئـــەوە هەڵەی گەورە و کوشـــندەکەی من بوو. دواتر باجەکەیشـــم دا، وایلێهات هەفتەی ســـێ شەو تا چوار شەوان، بـــەزم بوو لە ماڵی ئێمە جا یـــا لە ژوورەکەی ئێمە یان لە ژووری ئامۆزای (ســـابیر) دەکرا، بەڕاستی دنیایەکی سەیر بوو، کە دەبووە کاتژمێر هەشـــتی شـــەو، چوار پێنج پیاو، هەندێکجار ژنیشـــیان لەگەڵ خۆ دەهێنـــا و تا درەنگانی شەو ڕایاندەبوارد و دەیانخواردەوە، هەندێك شەو پیاوی دیکە دەهاتـــن، من و ژنی ئامۆزاکەی لەگەڵیان ڕاماندەبوارد، لە بەرامبەردا (ســـابیر) و ئامۆزاکـــەی پارەیەکی باشـــیان وەردەگرت، بـــە کورتی و بە کوردی ماڵـــی ئێمە ماڵێکی لەشفرۆشـــی بوو. لەســـەر ئەو کارانەش چەند جارێك تووشی نەخۆشی سێکسی بووم و ناچار ببووم ســـەردانی پزیشـــك و نەخۆشخانان بکەم بۆ چارەسەری. (ســـابیر) دەیگوت: ئەوە چییە هێندە خۆت نەخۆش دەکەی، بازاڕمان کز دەبی و دوایی کاســـبییەکەمان لە دەســـت دەدەین!! ڕۆژهات و ڕۆژ ڕۆیی، دایکیشم بەمەی زانی. بەڵام (ســـابیر) بە پارە فریوی دابوو. دەنگی نەدەکرد و پاکانەی بۆ دەهێنایەوە. شـــەوانە ئەو بەزمانە دووبارە دەبۆوە، هەتا شەوێکیان ، چوار زەلام هاتنە ماڵمان، دەوانیان دەمانچەیان پێبوو، دوای ئـــەوەی هەمـــووان دەخۆنـــەوە و تەواو ســـەرخۆش دەبن، یەکێکیـــان دەڵێ من دەچمە لای (هـــاژە) و تا بەیانـــی لەگەڵی دەمێنمەوە و پارەی هەمووشـــتان دەدەم، یەکێکی دیکەیان گوتی: نەخێر (هـــاژە) تەنیا هی منە و لەلای من دەمێنێتەوە و پارەی کەسیشتان نادەم، لەمەوە دەبێتـــە بینە و بەردە و مشـــتومڕیان، ئەوانیتر دەکەونە نێوانیان سوودی نابێ، دەیکەنە لێکدان و بوتـــڵ بۆی یەك ڕاوەشـــاندن، بە هەزار حاڵ من و ژنی ئامۆزاکەی (ســـابیر) خۆمان لە بن دەســـتیان لە ژوورەکە ڕزگار کـــرد و چووینە حەوشـــەی ماڵەکە، ئەوانیش هـــەر خەریکی لێکدان و تێهەڵدان دەبـــن، کابرا ئەوەی یەکەم کـــە گوتی (هـــاژە) لای من دەبـــێ و پارەی هەمووشتان لەسەر من، دەمانچەکەی دەردێنێ و سوار دەکات، گوللەیەك لە تەختی نێوچەوانی کابرا دەدات و دەموودەســـت دەیکوژێت، ئیتر کار لـــە کار دەترازێ و دەبێتە هـــەرا و دەروو دراوســـێ هەموو پێ دەزانن، دراوســـێیەکان لە مێژووبوو لە (سابیر) و ئامۆزاکەی کۆڵدار ببوون و بەهەر بیانوویەك بایە دەیانویست هەنجەتێکی پێبگرن و لە کۆڵانەکە دەریانبکەن، بەو شـــەوە کابرا مەیتی لە ژوورەکەی ئامۆزای (ســـابیر) کەوتبـــوو ئەو گـــۆڕە و ئەو نـــاوەی کردبووە گۆمـــی خوێـــن. دراوســـێکان کـــە زانیان ڕووداوێکی کوشـــتن لە ماڵی ئێمەدا ڕوویداوە، هەر زوو تەلەفۆن بۆ پۆلیسی فریاکەوتن دەکەن و ئەوانیـــش هێندەی پێناچێـــت دەگەنە ماڵی ئێمـــە و چوار پێنچ پۆلیس بەخۆو بە چەکەوە وەژوور دەکـــەون، کابرای بکوژ چەك دەکەن و هەموومان ڕاپێچی بنکـــەی پۆلیس دەکەن و لەوێ هەر یەکە و لە ژوورێك دەمانگرن، ئەوجا لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا دەکەن و دەزاندرێ کە کەســـە کوژراوەکە برادەریەتی، ئەو بە جۆرێك لێکۆڵینـــەوەی لەگەڵدا دەکرێـــت، ئێمەش بە جۆرێکی دیکە. نۆرەی لێکۆڵینەوە دێتە سەر من و منیش ورد و درشتی ڕووداوەکە و وەزعی خۆمـــم گێڕایەوە و هیچـــم نەبوارد و دانم بە تـــاوان و هەڵەکانی خۆم نـــاو، بڕیارمدا بوو کۆتایی بـــەو بێئابڕوویەم بێنم و هیچی دی لـــەو دۆخەدا نەمێنمەوە. سزاشـــم چی دەبێت بابێت. ئەوجا بردیانینە بەندیخانە. کێشەکەمان سێ چوار مانگان درێژەی کێشا و دواتر هەر یەکەمـــان بەجیا حوکمدرایـــن، من بۆ ماوەی ســـاڵێك زیندانی حوکم درام و کابرای بکوژ، پانزە ســـاڵ و (سابیر) و ئامۆزاکەشی یەکێ پێنچ ساڵ و نیو و ژنی ئامۆزاکەشی بە پێنچ ساڵ و مانگێك. ئەوانی دیکەش کە شەوەکەی لەوێ بوونە هەر یەکەی بە ماوەیەك کە نازانم چەند بوو، حوکمدران.

من کە ســـاڵێك و حەوت هەشـــت مانگان ژنی (سابیر) بووم، خۆم بە تەڵاقدان دا و ئەوە تەنیا دوو مانگم ماوە ماوەی بەندییەکەم تەواو ببێ و بڕیارمداوە تا ماوم جارێکی تر نەچمەوە لای ئەو جۆرە کارانە. ئەگەر خوداش مێردێکی دیکەی پیاوی بە قسمەت کردم باشە و دەیکەم ئەگەر نا دەســـت بە کارکردن دەکەم. خۆم سەر بەرزانە و بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆم دەژیەنم و هەتا لە ژیانیشـــدا مابم چـــاوم بە چارەی دایکـــم ناکەوێتەوە و نایبینم. ئەگەر دایکێکی باش بوایە نەدەگەیشـــتمە ئەو چارەنووسە. با بەسەرهاتەکەشـــم وانەیەك بـــێ بۆ خۆم و بۆ کەســـانی دیکەی هاوشـــێوەی خۆم، ئەگەر لۆمـــەی دایکم دەکەم، دەبێ لۆمەی خۆشـــم بکەم. چونکە بە خۆشـــم خەتابارم و نەدەبوایە بەو گەنجییـــەوە بخزێمە ناو ئـــەو زەلکاوەوە، دەبوو بەخۆشـــم بڕیار و ئیرادەی خۆم هەبایە و ملکەچی هەواو نەفســـی دایکم نەکەوتبام. ئێســـتا بە شـــەوقەوە چاوەڕێـــی تەواوبوونی ماوەی بەندییەکەم دەکەم بۆ ئەوەی ســـەر لە نوێ بە ژیانێکی شەرافەتمەندانە ژیان دەست پێبکەمەوە.



**منیش ورد و درشتی ڕووداوەکە و وەزعی خۆمم گێڕایەوە و دانم بە تاوان و هەڵەکانی خۆم ناو بڕیارمدا کۆتایی بەو بێئابڕوویەم بێنم**

# چۆن بە هەڵە ژنەکە کوژرا؟

ئا: باوکی میدیا

### دوای حوکمدان و لە نێو زینداندا

(رەشید) تازە دوو ساڵ و نیوی لە نێو زینداندا بەسەر بردبوو، تاوانێك کە کردبووی، پاش سوڵح کردن و لێخۆشبوونیش، پارەیەکی زۆری خوێن بەهای تاوانەکەی دابوو، لەپڕ لە ژیاندا خۆشییەکی سەیر روویدا. چونکە وەبەر بڕیاری لێخۆشبوون کەوتبوو، شەو نەبوو لەو تاوانەی کە کردبووی، یان راستتر وایە بڵێین کە لە دەستی قەومابوو، بە کوڵ و کەسەرەوە نەگرییێت، کابرا لەشەرمان قەت هیچ شتێکی لەسەر کێشەکەی خۆی بۆ هاورێیەبەندییەکانی نەگێڕابۆوە، کە بڕیاری لێخۆشبوونەکە هات، قەت لەو بڕوایە دا نەبوو بەر لێخۆشبوونەکە دەکەوێ. چێشتەنگاوێك بەڕێوەبەری بەندیخانە بەدوایدا ناردبوو، کە چوو لە راڕەوی قاوشەکاندا، جارێ راوەستا بوو، چاوەڕێی دەکرد ئەفسەرەکە بێت لەگەڵ خۆی بیباتە لای بەڕێوەبەری بەندیخانە، لەو دەمەدا سەد فکر و خەیاڵی بە مێشکدا دەهات و دەیگوت: خوایە دەبێ بەڕێوەبەر بۆچی بانگم بکات و چی لێم بوێ...؟

خۆ چ سەرپێچییەکم نەکردووە و لەگەڵ کەسیش بەشەڕ نەهاتوومە، دڵی بەخێرایی لێیدەدا و نیگەرانی کردبوو، خەیاڵ و هۆشی بۆ هەموو شتێك دەچوو بۆ بڕیاری لێخۆشبوونی نەدەچوو، ئەفسەرەکە هات و فەرمانی بە دوو پۆلیس و رێپێدراوێکی بەرپرسی قاوشەکەدا کە(رەشید) بهێنن، پاشان لەگەڵ خۆیدا بردییە لای بەڕێوەبەر. ئەفسەرەکە کەلەپچەی لە دەستی(رەشید)کردەوە و سڵاوێکی سەربازیانەی بۆ بەڕێوەبەر کرد و گوتی: گەورەم فەرموو ئەو رەشید، ئەویش گوتی: بیهێننە ژوورەوە. (رەشید) دڵی بە خێرایی لێیدەدا و دەیگوت و بەخوا یا سزام دەدەن و لە ژوورێکی تەنهایم بەند دەکەن، یانیش تێرو پڕ قسەم پێدەڵێ و سەرزەنشتم دەکات، بەڕێوەبەر کەوتە قسە و بە(رەشید)ی گوت:

کوڕم(رەشید) بۆیە بانگم کردی حەزم کرد، شتێك هەیە و بەخۆم پێت بڵێم و دەزانم ئەگەر بەخۆم بۆتی ئاشکرا بکەم دڵت خۆشتر دەبێ. هەر چەندە بڕیارەکە بەخۆی خۆشە.(رەشید) گوتی: بەڵێ فەرموو جەنابی بەڕێوەبەر، ئەویش دەستی بە قسەکردەوە و گوتی: بەخۆت دەزانی ئەوە بەرە بەری جەژنە و حکومەتی ئێمەش، لەبەر خاتری جەژن و لەبەر کۆمەڵێك هۆی دیکەش بڕیاری لێخۆشبوونی بە چەند مەرجێکەوە بۆ هەندێ هۆی تاوان دەرکردووە، ئەگەر مەرجەکانی بڕیارەکە لە هەر تاوانبارێکی حوکمدرا و هەبوو، ئەو تاوانبارە وەبەر لێخۆشبوون دەکەوێ. دیارە کێشەکەی تۆش لەو کێشانەیە کە بەر لێخۆشبوونەکە بکەوێ، ئەوجا ئەوە مزگێنیت دەدەمێ کە بەر لێخۆشبوون کەوتی و هەفتەی دادێ ئازاد دەکرێی و لە بەندیخانە دەردەچی.(رەشید) لەخۆشیان وەخت بوو باڵ بگرێ، باوەڕی نەکرد. بەڕێوەبەری بەندیخانە زانی دوو دڵی و گومان کەوتە دڵی (رەشید)، بۆی دووبارە کردەوە و لە(رەشید)ی دووپات کردەوە، هەفتەی داهاتوو لەو بەندیخانە دەردەچی و دەچییەوە ماڵی خۆت.(رەشید) بەخۆشی نەیزانی چۆنی سوپاسی کرد و چۆن گەیشتەوە قاوشەکەی. برادەرەکانی لێیخڕبوونەوە و و گوتیان ها(رەشید) چ بوو؟ وا رەنگ و رووت وەك شەوق مانگی گەشایتەوە! (رەشید) لە خۆشیان قسەی پێنەکرا و هەر هێندەی گوت: براینە من بەردەبم و هەفتەی دادێ لە بەندیخانە دەچمە دەرێ و وەکو کۆترێکی سەربەست لە شەقەی باڵ دەدەم. هەموویان کردیانە هەرا و(جەمال)ی هاوڕێی نزیکی باوەشی پێداکرد و ئەملا و ئەولای ماچ کرد ئەوانی دیکەش یەك لە دوای یەك باوەشیان پێداکرد و ماچیان کرد.(رەشید) بەهۆی ئەو تاوانەی لە دەستی قەومابوو بە چوار ساڵان زیندانی حوکمدرابوو، شەوێ(جەمال) گوتی: ئەوجا(رەشید) ئیتر دەرفەتی خۆ دزینەوەت نەما، خۆت مەینەو مەبە، تازە دەبێ ئەو شەو ئەو تاوانەی کە لەسەری حوکمدراوی بۆمان هەر باسی بکەی. پاش ئەوەی (جەمال)ئەوەی گوت، ئەوانی دیش گوتیان: راست دەکات، دەبێ بەسەر هاتی خۆتمان بە تەواوەتی بۆ بگێڕییەوە.(رەشید) چارەی نەما و ملی بۆ داواکەیان کەچ کرد و بەمشێوەیە بەسەرهاتەکەی خۆی گێڕایەوە و گوتی: براینە من کە بەسەرهاتی خۆمم هەتا ئێستا بۆ ئێوە نەگێڕاوەتەوە لەبەر ئەوەبووە، دڵم بەخۆم و بەوەی کە تاوانەکەشم لەبەرامبەری لە دەست قەوماوە دەسووتێ و هەر کە یادیشی دەکەمەوە کزە لە جەرگم هەڵدەستێ. من دوو ساڵان کچێکم خۆشدەویست، ئەو کچە فەرمانبەر بوو. رۆژێك بەرێکەوت رێم کەوتە ئەو فەرمانگەیەی کچەکەی لێبوو، هەر کە چاوم پێکەوت وامزانی ساڵانێکە دەیناسم. ماوەی مانگێك زیاتر یەك دوو جاران بەبیانووی جۆراو جۆری کاری خۆمەوە دەچوومە فەرمانگەکە، بە کورتییەکەی، لە هاتووچۆییەکانم وامکرد سەرنجی کچەم بۆ لای خۆم راکێشا و تێمگەیاند کە دڵم گرتوویەتی. ماوەیەکی دیکەش هەوڵم لەگەڵی دا هەتا بە زەحمەت توانیم پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ ببەستم.

یەك دوو جارێك پیاسەی دوو قۆڵیمان کرد، کە بەتەواوەتی دڵنیابوو لەوەی کە خۆشم دەوێ، ئینجا رووبەڕوو پێیگوتم(رەشید) گوێم لێبگرە بزانە چت پێدەڵێم، من ئێستا لەوە دڵنیام کە خۆشمت دەوێ. باشە خۆشەویستی نیعمەتێکی خودای گەورەیە کە بە مرۆڤەکانی دەدات، بەڵام خۆشەویستی شتێکە و حەیا و ناموسیش شتێکی دیکەیە. من بە خۆشەویستییەکەت رازیم و مەمنوونیشتم، بەڵام گەر نیازت نەبێ بێتە خوازبێنیم و ژیانی هاوسەرێتی پێکبێنی، ئەوا ئەو خۆشەویستییەت لای من هیچ نییە و ئەو پەیوەندییەش تەواو دەبێ و ناهێڵم جارێکی تر بێیتە فەرمانگەکەم. ماوەیەك قسەمان کرد و تێمگەیاند کە منیش هەر ئەو ئامانجەم هەیە گوتم: تۆ کاتێکم بۆ دابنێ تا منیش لەو کاتەدا بێیە خوازبێنیت، پاشان لەسەر رێوڕەسمی چوونە خوازبێنی و ناوماڵ دانان و زۆر شتی دیکە رێکەوتین، ئینجا دوایی چوومە خوازبێنی و پاش سێ هەفتە ئاهەنگی زەماوەندمان ساز کرد و گواستمەوە. چوار پێنج مانگان وەکو ژن و مێردێکی بەختەوەر ژیانێکی ئەوپەڕی خۆشیمان هەبوو، رۆح و گیانمان لەسەر سەری یەك بوو. لە هەمووشی خۆشتر دوو شت بوو، یەکێکیان باوکم یارمەتی دام و خانوویەکی بچکۆڵەی لە تەنیشت خۆیانەوە بۆ کڕیم، دووەمیان خێزانەکەم لە مانگی چوارەمی هاوسەرێتیماندا سکی هەبوو، ژیانمان بەو شێوەیە پڕ لە خۆشی و کامەرانی بوو، هەتا ئەو رۆژەی رووداوەکە روویدا و ژیانم بە یەکجارەکی گۆڕا و بووە تاریکستان.

### کوژرانی ژنێك لە دەمەقاڵێدا

(رەشید) کەمێك وەستا و پەرداخێك ئاوی خواردەوە و جگەرەیەکی لە هاورێیەکی وەرگرت و دایگیرساند، چەند مژێکی لێدا و ئینجا دەستیکردەوە بە تەواوکردنی بەسەرهاتەکەی و گوتی: پاشنیوەڕۆیەکی هاوین بوو، کە برایەکی هاوسەرەکەم هاتە ماڵمان و لەگەڵ خێزانەکەم کردییە دەمەقاڵێ،



هۆی دەمەقاڵێیەکەشیان لەسەر ئەوە بوو کە براکەی داوای پارەی لێکردبوو ئەویش گوتبووی تاوەکو(رەشید) نەیەتەوە و پێی نەڵێم هیچت نادەمێ و ئەویش دەستی لێ بڵند دەکات و لێی دەدات، منیش نازانم چۆن بوو ئەو پاشنیوەڕۆیە گەڕامەوە ماڵەوە بەسەر شەڕەکەیاندا هاتمەوە کە زانیم براکەی لە خێزانەکەمی داوە و بن چاوی شین و مۆرکردووە، زۆر تووڕە بووم و داوام لێکرد بچێتە دەرەوە، کەچی نەك هەر نەچووە دەرەوە، بەڵکو رووبەڕووشم بۆوە و جنێوشی پێدام، منیش تا گرتم شەقەزللەیەکم لە روومەتی دا، ئەویش لە جیاتی ئەوەی ماڵەکەم بەجێ بێڵێ ، دەستی لێ بڵندکردم و مستێکی خێواندە چاوم، ئیتر دەرفەتی هیچ شتێك نەما، تاوم دایێ و کەوتمە سەری، ئەوەبوو بووە شەڕێکی دەستەویەخەمان و بووە یەکتر راکێشان و لەزەوی گەوزاندن و لێکدان، ئێمە لەو ململانێیەدا بووین، هاوسەرەکەشم هەر هاوار هاوار و قیژەی بوو، کە لێك ببنەوە و دەهاتە ناوبژیوانی، منیش هاوارم دەکرد بچێتە دواوە، براکەی دەرنا فیزێکی کەوتە دەست و یەکێکی لە پشتی دام و برینداری کردم، منیش توووند دەستیم گرت و دەرنا فیزەکەم لە ناو دەستی دەرهێنا و یەکێکم لەسەر شانی دا و ئینجا دەرنا فیزەکەم تێهەڵدا، بۆبە پشتی سەری هاوسەرەکەم نەکەوت! یەکسەر هەردوو چاوی سپی بوون و تەپەی لێوەهات و بەربۆوە، کە ئەمە روویدا، براکەی چاوی پێکەوت، یەکسەر لە ترسان هەڵات و چووە بنکەی پۆلیس و شکایەتی کرد. بەمجۆرە پۆلیس هات و منی بە برینداری و بەو وەزعەوە دەستگیرکرد، ژنەکەم برایە نەخۆشخانە و پزیشك توێکاری کردبوو و هۆی مردنەکەیان دەستنیشانکرد بوو کە بەهۆی ئەو دەرنا فیزەوە بووە.

کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ من کرا من تەواوی رووداوەکەم وەکو خۆی باس کرد، لێکۆڵینەوە بەردەوام بوو، تاوەکو دوو مانگ و نیو، ئێمەش هەردووکمان دەستگیرکرابووین، پاشان پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان برایە دادگای تایبەتمەند و لەوێ من به سێ ساڵ و نیو ئەویش بە ساڵێك و هەشت مانگ حوکمدارین، پاشان کە ماڵی خەزوورم هەموو شتێکیان بۆ روون بۆوە کەچۆن کوڕەکەیان هاتۆتە ناو ماڵم و شەڕ و فەرتەنەی خوڵقاندووە، هاتن ئاشتەواییان لەگەڵدا کردین و کێشەکەمان لە نێوان خۆماندا بڕاندەوە، ئەوەبوو بەسەرهاتی من براینە، شوکر بۆ خوا و منیش کە ساڵێکم ماوە لە نێو زینداندا، دەردەچم و ئەو ساڵەم بۆ دەگەڕێتەوە، هیوادارم ئێوەش بە زووترین کات دەربچن و لەو زیندانە رزگارتان بێت.

**دەرچوون لە بەندیخانە**

تا ئەو هەفتەیە هات(رەشید) چرکەیەکی بە سەعاتێك و رۆژێکی بە مانگێك لێدەڕۆیشت، هەر ئەو نەبوو وابوو هەموو ئەوانەی بەشێکی زۆری ماوەی حوکمەکەیان بڕیبوو، کێشەکەشیان وەبەر لێخۆشبوون دەکەوت ئەو حاڵەتەیان هەبوو، دەیانگوت: براینە لێمان مەگرن، بەخۆشتان دەزانن ئازادبوون و دەرچوون لە کونجی بەندیخانە چەند خۆشە و چەند بۆ ئێمە پێویستە و چەند وانەیەکی گەورەیە، بۆیە کەس هێندەی ئێمە قەدری ئازادبوون نازانێ، دوایین رۆژی ئازاد بوونەکەیان هات، ئەوانەی ئەو رۆژە وەبەر لێخۆشبوونەکە دەکەوتن سیانزە کەس بوون، خۆیان پۆشتەو پەرداخ کردبوو، کەسوکاریان لە دەرەوە چاوەڕێیان دەکردن، رێککارییەکانی ناو بەندیخانە تەواو بوو، هەموو بەریز هاتنە دەرەوە، بەینێك(رەشید) لەبەر دەرگا راوەستا و تێر بە سییەکانی هەوایی ئازادبوونی هەڵمژی، سەیری ئەملا و ئەولای خۆی کرد، دایك و باوك و برا و خوشکەکانی چاوەڕوانیان دەکرد، کە هاتە دەرەوە هەموویان تێرگریان و ماچیان کرد.

✿ خاتوو(هیام) نێوێکی دیاری نێوەندی رۆشنبیری فەڵەستینییە، ساڵانێکە بەکاری رۆژنامەگەری و نووسینەوە خەریکە، سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کۆلێژی راگەیاندنی لە زانکۆی(حەیفا) تەواوکردووە، جگە لە رۆژنامەگەری بە نووسینی چیرۆکیشەوە خەریکە، یەکەم چیرۆکی ساڵی ١٩٩٥ بە چاپ گەیاندووە، بنەماڵەکەی لەو عەرەبانە هەژمار دەکرێن کە بە(عەرەبی ٤٨) ناو دەبرێن و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل خرانە نێو سنووری ئەو دەوڵەتە نوێیەوە، خانمی(هیام) لەگەڵ ئەوەی وابەستەبوون بە خاك و پرسی سەربەخۆیی نەتەوەی، شتێکی گرنگن لە ژیانیدا، بەڵام ئەو هەردەم پرسی سەربەخۆبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستینی بە ئازادی ژنانەوە گرێداوە کاتێك دەڵێت: ناکرێ باس لەسەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەت بکەین لە کاتێکدا نیوەی کۆمەڵگە بەدەست نادادی و نەبوونی ئازادییەوە بناڵێنێ، (هیام) ئێستا لە رۆژنامەی (الاتحاد) کاردەکات و پێشتریش بۆ ماوەیەکی درێژ لە رۆژنامەی(کل العرب) ی فەڵەستینی کاریکردووە.(گوڵان) لە دەرفەتێکدا چەمکی നاموسی لە کلتووری کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا هێنایە بەرباس و تاوتوێکردن.✿

**نووسەر و رۆژنامەنووسی فەڵەستینی(هیام تەها) بۆ گوڵان:**

# ناکرێ باس لە سەروەریی دەوڵەت بکەین کاتێک نیوەی کۆمەڵگە بەدەست نادادییەوە بناڵێنێ

*** نامووس لای کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان خودان پێناسەیەکی تەسکی یەك لایەنەیە، هەردەم چوارچێوە گشتییەکەی ئەو چەمکە بە رووە ئاکارییەکەی کەسایەتی مێینە بەستراوەتەوە، ئێوە چۆن لەمە دەڕوانن؟ هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- فاکتەرەکانی ئەو یەك لایەنییە زۆرن، پێش هەموویان باڵادەستی و کاریگەری هێزی خێڵە لەسەر کۆمەڵگادا، کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی عەرەبی بەتایبەت هێشتا نەیتووانیووە لە قاڵبی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی، پیاوسالاری خۆی قوتار بکات، عورف و تردا‌سیۆنی کۆمەڵایەتی جێی پەنجەی دیاری لە کەسایەتی تاکدا هەیە، ئەوەندەی عورف و خێڵ و پیاوان ئاراستە دەکەن، نیو ئەوەندە پەروەردەی دەوڵەت و میدیا نەیانتوانیووە ببێتە ئاراستەکار و رێ نیشاندەری بن، وەنەبێ ئەو کاریگەرییە هەر تەنیا پیاوانی گرتبێتەوە، بەڵکو ئافرەتانیش بێبەش نین لە کاریگەرییەکانی هێزی خێڵ، دەتوانم بڵێم رەنگدانەوەی لەسەر ژنان و قووڵ و قورسترە، بەداخەوە ئەو حاڵە تا ئێستا کۆسپ و تەگەرەیەکی جددییە لەسەر ژیانی تاکی رۆژهەڵات و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی پەك خستووە.

رزگاربوونی پیاوان لە ترادسیۆن و عورفە بەسەرچووەکان رزگاری و ئازادی ژنانیش بە دوای خۆیدا دێنێ، هەڵوێستی توندی تاکی رۆژهەڵاتی لەبەرامبەر مەسەلەی نامووسدا لەو هزرە باتریاکییە نێرسالارییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە عورف و هێزی خێڵ دروستی کردووە، کەواتە فاکتەرەکان وابەستەی پێناسەی خێڵن، پێناسەکییەك جگە لە بەرپێی خۆی هیچی دیکە نابینێ، بە مێشکێکی ساردەوە ساڵانە خوێنی دەیان هەزار ئافرەت دەڕێژرێ.

**● وەك دەزانن چەمکی نامووس لەوە فراوانترە تەنیا لە ئەخلاقی ئافرەتان کورت بکرێتەوە، لە رووی زانستییەوە کۆمەڵە مانا و مەدلولێکی فراوان دەبەخشێ وەك (راستگۆیی و دزیکردن و.. تاد) بەڵام لای خۆمان پیاوان لە پێناو پەردەپۆشکردنی خراپی و ناشیرینییەکانی خۆیان، شەرەفی خێڵ و بنەماڵە بە نامووسی ژنەکانیان دەبەستنەوە، بەڕای ئێوە هۆکارەکە تەنیا عاداتی کۆمەڵگەیە یان ئایینیش تێیدا بەشدارە؟**

- پێموانییە ئایین هەڵوێستێکی خراپ و نەیاری بەرامبەر بە مێینە هەبێ، هیچ ئایینێك جیاکاری لە نێوان پیاو و ئافرەت ناکات، ئەوان لەلای خودادا هاوتا و خاوەن یەك مەقامن ، بەڵام وەك ئاماژەم پێدا کرۆکی گرفتەکە لە عاداتی کۆمەڵگە و باڵادەستی هزری فیدراڵی دایە، لە ئاییندا سزای پیاوێکی زیناکار هاوتای ژنێکی زیناکارە، هیچ حوکمێکی ئایینی نییە باس لەوە بکات کە دەبێ سزای ئافرەت بدرێ و پیاویش ئازاد و دەست کراوە بکرێ، ژنکوژی و کوشتن ژنان بە بیانووی نامووس رەگێکی کۆمەڵایەتی-عەشایری هەیە، خێڵ و بنەماڵە شەرەف و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە نامووسی ژنەکانیان دەبیننەوە، نەزرەی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان روانگەیەکی دوو فاقی یەك لایەنە، تەنیا خەوش و ناشیرینییەکانی ئافرەت دەبینێ و خراپییەکانی پیاوانیش دەشارێتەوە، تا کۆمەڵ لەو ئیزدواجییەتە رزگارنەکرێ،

رزگاربوونی پیاوان لە ترادسیۆن و عورفە بەسەرچووەکان رزگاری و ئازادی ژنانیش بە دوای خۆیدا دێنێ



## هیام تەها

سەربەخۆبوونی تاك شتێكی ئەستەمە،

*** لە روانگەی ئەو پێشكەوتنە ئابووری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەی كە كۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكانی گرتۆتەوە، پێتوانییە پێویستمان بە شرۆڤە و پێناسەیەكی نوێ بۆ چەمكی ناموس هەیە؟ ئەگەر وایە ئێوە چ پێناسەیەكتان هەیە؟**

- نەك تەنیا كۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكان بەڵكو هەموو دنیا لە پێشكەوتن و گۆڕانكاری خێرادایە، ئەمڕۆ جیهان بەرەو راماڵینی سنوورەكان و كاڵكردنی تایبەتمەندییەكان دەچێت، تەكنەلۆژیا دنیای هێندی گەڕەكێك بچووك كردووە، ئێستا هیچ پاساوێك لەبەردەست نەماوە بۆ داخران و خۆدوورخستنەوە لە دنیای دەرەوە، داخران جگە لە زیادكردنی ئاریشە نێوخۆییەكان و خۆخواردنەوە ، سوودێكی دیكە نابەخشێ، رۆژئاوا زۆر بابەتیانە توانیوویەتی ئەو پێشكەوتنە لە خزمەتی كۆمەڵگە تەوزیف بكات، ئەوان لەمێژە چەپۆكی خێڵ و ستەمی نێر سالاریان بازداوە، رۆژهەڵات پێویستی بە شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی هاوشێوەی ئەوروپایە، كە دەڵێم ئەوروپا مەبەستم لەبەرەڵایی و لایەنە ئاكارییەكە نییە، مەبەستم لایەنە هیومانیستییە مرۆڤ دۆستانەكەیە، دوور لە جیاكاری هەردوو ژێندەر بەیەك چاو تەماشا دەكات و لە ئەرك و ماف هاوتای كردوون.

لێرەوە چاوخشاندنەوە بەسەر لەبەری ژیانی رۆژهەڵات پێویستییەكی حەتمییە، زروف و بارودۆخی نوێ ئەو حەتمییەتەی چەسپاندووە، بێگومان مەسەلەی ناموسیش وەك هەر مەسەلەیەكی دیكە پێویستی بە گۆڕان و پێناسەی نوێیە، ناموس لای من راستگۆییە لەگەڵ خود و دەوروبەر، مامەڵەكردنی عەقلانییە لەگەڵ ئاریشە و گرفتەكانی ژیان، جیاكاری نەكردنە لە نێوان نێرو مێ چیتر مایەی قەبوڵكردن نییە كە خێڵ و بنەماڵە رۆحی كچان و ژنانیان بكەنە قوربانی هەوسبازی پیاوان، بە یاسای دارستان تەحەكوم بە چارەنووسی ژنان بكرێت .

*** ئەو ئاسەوارە سلبیانە چین كە دیاردەی كڕینەوەی ناموس لەسەر ژنان بەتایبەتی و كۆمەڵ بە گشتی جێدەهێڵێت؟**

- كوشتنی مرۆڤ لە ژێر هەر پاساو و بروبیانوویەك، تاوانێكی گەورەیە، ئایین و یاسا دانراوەكان سزای توندیان دەرهەق بە تاوانكاران داناوە، زۆر جار پیاوان بێ وردبوونەوە و تێڕامان لەسەر قسە و قسەڵۆك و پروپاگەندە دەستیان چۆتە خوێنی خێزان یان خوشك و كچانیان، ئەوان هەموو شەرەف و ناموسی خۆیان بەناو گەڵی ژنان بەستۆتەوە، بێ ئاگا لەوەی خۆیان كارەكتەری سەرەكی گرفتەكەن. بێگومان خراپییەكانی ئەو دیاردەیە زۆر و قوڵن. ئەو دیاردەیە كۆمەڵگە لە سێگۆشەیەكی تەسك گەمارۆ دەدات بەرەو ئەو دیوی مێژوو پەلكێشی دەكات.

*** بە چ رێگەو شێوازێك دەتوانین بگەینە پێناسەیەكی نوێی ناموس، پێناسەیەك بەهۆیەوە بتوانین زوڵم و جیاكاری چەند ساڵەی سەر ژنان هەڵبگرین؟**

- سەرەتا با چاو بە یاسا مەدەنییەكان بخشێنینەوە هەموار و گۆڕانكارییان تێدا بكەین، بە جۆرێك لەگەڵ واقیعی ئێستای كۆمەڵ و ئەو پێشكەوتنە تەكنەلۆژی و ئابووری و كۆمەڵایەتییانە بگونجێ كە روویان داوە، ئینجا شرۆڤەیەكی هاوچەرخانە بۆ تێكستە ئایینیەكان بكرێت بەشێوەیەك بگەڕێنییەوە بۆ رۆح و كرۆكی راستەقینەی ئایین، كرانەوە بەرووی كلتوورە جیاوازەكان و دەستەبەركردنی واری كاركردن بۆ ئافرەتان ئینجا كاركردن بە ئاراستەی هۆشیاركردنەوەی تاك، هەموو ئەمانە مایەی خولقاندنی بارو زروفێكی نوێن كە پرسی ناموس و ئیشكالییەتەكانی ئەو باسە دەباتە قۆناغێكی دیكەوە.

**ئەوەندەی عورف و خێڵ كۆمەڵگە ئاراستە دەكەن، نیو ئەوەندە پەروەردەی دەوڵەت و میدیا نەیانتوانیووە ببنە ئاراستەكار و رێنیشاندەری كۆمەڵ**

